# لە نێوان دوو بەرداشی ناوچەییدا
# کڕی ئێمەو زرمەی تۆپەکانی ئەوان

ن: محەمەدی مشیر

گەلی کوردستانی باشوور دوای ساڵانێکی درێژی تێکۆشانی سیاسیو چەکداری بێووچان, بە هەوڵو کۆششی تێکڕای باڵەکانی بزاڤی رزگاریخوازانەی دیموکراسی, پاش هاتنەکایەی بارودۆخێکی لەبار بەتایبەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو ناوچەییداو لاوازبوونی رژێمی دیکتاتۆری لەناوەندا, گەیشتە قۆناغێك کە ببێتە خودان قەوارەیەکی دیفاکتۆی حاشاهەڵنەگر. ئەمڕۆی ئێمە بەکارلێکی تێکڕای فاکتەرە ناوەکیو دەرەکییەکان بەرهەمی رەنجی ساڵانێکی دوورو درێژی تێکۆشانێکی خوێناوییە کە هەزاران رۆڵەی فیداکارو بە ئەمەکی ئەم گەلە ماف زەوتکراوە بە خوێنی ئاڵو تافی لاوێتی خۆیان درێژەیان بەم کاروانە داوە, بۆیە مافی رەوای خۆمانە بەر لە هەر شتێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئەوەی لەسەر زەمینەی واقیعدا بەدەست هاتووە لەمڕۆی کوردستاندا ناکرێ هەروا بە سانایيو بێباکانە فەرامۆش بکرێ, یان هەر کاتێك دوو زلهێزی ناوچەیی وەك تورکیاو ئێران ویستیان دەستدرێژی بکەنە سەری بێدەنگ بینو لە راست ئارەزوو هەوەسی شوڤینستانەی پڕ لە قینیان چاوبپۆشین. ئەوان دەمێکە هەرکاتێو ویستبیان سنوورەکانی کوردستانیان بەزاندووەو یان لە دیوی خۆیانەوە بە تۆپو تانكو فڕۆکەی جەنگی خاکمانیان بۆمباران کردووە.

هەتا دوێنێ کە خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی وەکو ئەمڕۆ نەبووین زۆر جاران لەبەر بێدەسەڵاتی یان بەرژەوەندی سیاسی ئەوکات یاخود لە دژی یەکتر بێدەنگیمان لە پێشێلکاریو سنووربەزێنی سوپای هەردوولا دەکردو بە دوعای ئەوانمان دەگوت ئامین, بەڵام بۆ دەبێ ئەمڕۆ کە خودان حکومەتو پەرلەمانی کوردستان بینو هەمدیش هەڵوێستەکانمان وەك دوێنێ بن یاخود هیچ جیاوازییەکی هەستپێکراوی ئەوتۆیان نەبێ؟ ئەتۆ بڵێی ئەمە بکەوێتە خانەی سیاسەتی دیپلۆماتیانەی حکومەتو پەرلەمانی خۆمان یان ترسێکی لە رادەبەدەری بێ ماناو پاساو بێت؟!

رەنگە هەردووکیان بێت, لەوانەشە هیچ کامیان نەبێت یا هەندێ شتی تربن کە هێشتا سەرکردەکانمان حەزناکەن بۆمانی روون بکەنەوە یا لەو ئاستەماندا نابینن کە خۆیان دەیزانن! ئەمە لۆژیکی سەردەمە یا لۆژیکی بیرکردنەوە لێکدانەوەی سەرکردە سیاسییەکانی ئێمەیە بۆ گەلێکی خاك داگیرکراوی ماف زەوتکراو؟

مێژوو سەلماندوویەتی هەر کاتێ ویستی میللی یەکپارچەو یەکڕیزبوو, ململانێو بەرژەوەندە حزبیو دەستەییو گروپ بەندییە تەسکەکان وەلانران, ئەوا ئەو کاتە تێکڕای وزەو توانا میللییەکان لە یەك رێڕەودا تێکدەدەنەوەو ئاستی بەرپرسیارێتی گشتیو هۆشیاری نیشتمانی بەرزتر دەبێتەوە.. دەرەنجام راشکاوانەتر خواستەکانی گەل هەرگیز نەك هەر لەگەڵ ئەوەدا نابێ کە وڵاتێکی هاوسنوور بە ویستی

خۆی هەر کاتێ حەزی کرد بە بەهانەی پاراستنی ئەمنی‌نەتەوەیی خۆی هێرشمان بکاتە سەرو سەروەریمان بخاتە ژێرپێ, بەڵکو دەکرێ بەربەستێکی سیاسی پتەو لە بەرامبەر حەزە ناڕەواکانیان هەڵچنرێ‌و رای گشتی ناوەو دەرەوەش پشتگیری لە مافە رەواکانمان بکەن.
ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەوڵە دیپلۆماتییەکان سەریان نەگرت بۆ پێشگرتن لەو دەست درێژییانەی سالآنێکە هەردوولای ناوچەیی دەیکەنە سەر خاك‌و خەڵکی کوردستان. هەڵبەتە دۆخە ناوچەییەکە ئاڵۆزە بەلآم ئەمەش مانای ئەوە نییە کە حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان هەروا کپ‌و کپ‌و بێدەنگ بن لە ئاست رووداوی گرنی لەم چەشنە.. مایەی سەرنجە کە ئەوان (تورکیا‌و ئێران) رێك لە کاتێکدا ئەم گەمە سیاسییە دەکەن کە هاوزەمان لە کوردستاندا هەردوو ئیدارە خەریکی دوا هەنگاوەکانی یەکگرتنەوەی یەکجارەکی‌و راگەیاندنی کابینەی پێنجەمی حکومەتی کوردستان بوون, ئەمەش بۆ خۆی وەك کورد گوتەنی (فیتەی حەرامزادەیە) کەچی بەداخەوە هەڵوێستی فەرمی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان تا ئەو چرکەیەش هەڵوێستێکە ناڕۆشەن‌و لاوازو شەقامی کوردستانیش نەك هەر بە هەندی هەڵنەگرتووە بەڵکو لە بنەڕەتدا نازانێ چ هەڵویستێك بووەو لایەنە فەرمییەکانی کوردستان کاردانەوەیان بەرامبەر بەو هێرش‌و تۆپباران کردنە چی بووە؟!.
ئەم کرێ‌و بێدەنگییە لە کوردستانی دیفاکتۆدا هەڵوێستێکی زیان بەخشەو پەراوێزکردنی جەماوەری کوردستان لەم جۆرە رووداوانەدا ئاکامێکی خراپ‌و خەتەرناکی لێدەکەوێتەوە کە لە دەرەنجامدا نەك هەر دەسەلآتی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان لەرزۆك دەکا, بەڵکو ئایندەی دۆزی رەوای گەلی کوردو کوردستانیش دەخاتە بەردەم دوو ریانێکی مەترسیدار لە سایەی باری کرژو ئاڵۆزی ناوچەکەدا بە گشتی. ئەوەی تا ئەمڕۆ نەتوانێ رووداوە ناوچەیی‌و جیهانییەکان بخوینێتەوەو لە بەرژەوەندی گەل‌و سەروەری خاکی خۆیدا راڤەیان بکا ئەوا بێگومان ئایندەیەکی گەش‌و روونی نابێ‌و لە گەمە ناوچەیی‌و نێودەوڵەتییەکانیشدا جگە لە رۆڵی کۆمبارس لەسەر شانۆی رووداوەکاندا هیچ رۆڵێکی دیکەی بەرناکەوێ, کەسیش نییە نەزانێ  کە زلهێزێکی جیهانی وەکو ئەمریکا نەدۆستی تا سەر دۆستەو نە دوژمنیشی تا سەر دوژمنە, بەڵکو تەنها دۆستێ کە تاسەر بێ بۆ ئەمریکا بەرژەوەندییەکانی خودی خۆیەتی, بەلآم زرنگ ئەو کەس‌و لایەنەیە بتوانێ لەکاتی ماوەی دۆستایەتیەکەیدا لەگەڵ ئەمریکا تەواوی یا بەشی زۆری خواستەکانی گەل‌و نیشتمانەکەی بهێنێتەدی‌و هەرگیز ئەوەش فەرامۆش نەکا کە تەنها بە پشتبەستن بە هێزی جەماوەرەوە دەتوانێ رەوایەتی بەکارو هەڵوێستەکانی بداو لە بەرامبەر هەڕەشەو دەستدرێژییەکانی دەرەوەشدا خودان هەڵوێست‌و بڕیارێکی پتەوو سەقامگیربێت!.